# ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال

ژوورەکان دادەنیشتن. ئاودەستەکانیان هەمیشە پڕ لە میز و پیسایی بوون. دیتن و هاتوچۆی نێوای ژوورەکان قەدەخە بوو. لەماوەی ئەو دوو حەفتەدا دوو ژن مردن و، منداڵێکیش تەنکییەکی گەورەی ئاو بەسەریدا کەوت و لەژێریدا پان بووەوە و گیانی دەرچوو. سەربازەکان لاشەکانیان هەڵگرت و، رێگەیان نەدا بە دایکی بۆ ساتێکیش بووە منداڵە مردووەکەی لە ئامێزبگرێ و نەشیانگوت بۆ کوێی دەبەن..

خەم و پەژارە و دڵەڕاوکێ بۆ ساتێکیش یەخەی ژنەکانی بەرنەدەدا هەموو جارێک لەیەکدییان دەپرسی: " بڵێی چییان بەسەر مێردەکانمان هێنابێ، کوڕە لاوەکانمان چییان بەسەر هاتووە، چۆن سوراختێکیان بزانین؟!

ژنەکان گێڕایانەوە، هەندێ لە پیاوەکانی بادینانیان، بۆ ماوەیەکی کەم گوێزرانەوە بۆ سەلامییە و، لە بەشی جیاوازدا راگیران. ژنێکی دیلی خەڵکی نێوچەی "گولی"، بەرێگەی پاسەوانەکانەوە زانیبووی کە مێردەکەی و سێ براکەی زیندوون و، ئەوانیش لەنێو بەندیخانەکەی ئەمان، لە ژوور و حەوشەیەکی دیکەدان. ژنێکی دیکەی ژووری ژمارە ٧، لەگەڵ دیلێکی دیکە نێوچەی "سەرسنگ"، گێڕایانەوە:

"سەیرمانکرد، دەرگەێ ئاسنی یەکێک لە زنزانەکان کە بۆ ماوەی شەش رۆژ بە قفڵ داخرابوو. لە شەشەم بەیانیدا، بۆ ماوەی دووسەعات دەرگەکەی بە کراوەییەوە جێهێڵرا. بەپەنامەکی و دزییەوە کە پاسەوانەکان پێنەزانن، لە دەرگەکە نێزیک بوومەوە، دیتم ژوورەکە پڕیەتی لە پیاو، کە دەستیان کەلەبچە کرابوون و، چاوەکانیشیان بەسترابوون. پیاوەکان هەموویان جلوبەرگی کوردییان لەبەردابوو. سەربازەکان گەڕانەوە و، پیاوە کوردەکانیان خستەنێو دوو ئۆتۆمۆبیلی سەربازییەوە. ئۆتۆمۆبیلەکان سەرداپۆشراوبوون و، تەنێ کونێکی بچکۆلەی لە پشتەوە هەبوو. پاشان دوو ئۆتۆمۆبیلی دیکە هاتنەجێیان، ئۆتۆمۆبیلەکان، دوو دوو پیاوی کوردیان سوار دەکرد و دەڕۆیشتن و دووی دیکە دەهاتنەجێیان. ئەو ژنە لەو رۆژەدا پیاوانێکی زۆر کوردی لە سەلامییە بینی کە بەو ئۆتۆمۆبیلانە رایانگواستن. بە چەندرۆژێکی کەم دوای گواستنەوەی ئەم دیلە نێرینەچاوبەستراوانە، لەپڕ دەنگی دەسرێژی گوللە لەنێو سەربازگەی سەلامییەدا بەرزبووەوە، سەرباز و پۆلیس و چەکدارەکانی دیکەی نێو سەلامییە گوللەی خۆشییان بە رووی ئاسماندا دەتەقاند. پاسەوانەکان بە ژنە دیلەکایان راگەیاند کە سەرۆک سەددام حسێن، لێبوردنێکی گشتیی دەرکردووە، ئەوکاتە مێردەکانیشتان بێوەی دەبن و دەیانبیننەوە، ئێوەش وەرن لەگەڵمان سەما و شادی بکەن، چاوەڕوانی ئەوە بوون، ژنەدیلەکان لەگەڵیان هەڵپەڕکێی شادی بکەن!!

**کوڕێکی تەمەن ١٤ ساڵ، کە ماوەی پێنج مانگ لە دوبز ژیابوو، گوتی: "خەڵکانی ئەمن و ئیستخبارات و حیزبی بەعس پاسەوانییان دەکردین. دەهاتن و بێ هیچ هۆیەک، دەکەوتنەلێدانی دیلەکان. جارێکیان دەستی منیان بەستەوە و، چەندین جار لێیاندام. سێ بەکرێگیراوی ئەمن، بە دار، لە پشت و لاقیان دەدام. بۆ رۆژێکی تەواو لە بەیانییەوە تاکو شەو، بێ هیچ هۆیەک دووجار بەچاوی بەستراو، بێ خواردن، لەنێو ئەو ژوورەی تێیدا دەنووستم، دایاننام. نەمدەتوانی بپرسم.بۆچێ؟ زۆر ئەستەم بوو کەسێ بوێرێ و بپرسێ لێیان، بۆچی وادەکەن؟!**

**ئەو منداڵە چواردە ساڵانەیە، رزگاری بوو، بەڵام بەدەیان و بە سەتانی وەک ئەو تێداچوون. لە ئۆردووگای ژن و منداڵەدیلەکاندا، سەرەتا، منداڵ مردن کەم بوو، بەڵام لەگەڵ هاتنی گەرمای هاوین، ژمارەی مردن زیادی کرد. ئامینە، خەڵکی گوندی "ئاکۆیان"، لە نێو ئۆردووگادا، منداڵێکی کچی بوو، بەڵام لەماوەی دوو مانگدا نەخۆش کەوت و مرد. پێنج منداڵی دیکەی خەڵکی گوندی "بلێ" ش مردن. "نەبات" کە دایکێکی تەمەن ٢٨ ساڵ بوو، سەرەتا کچە تەمەن ٣ ساڵییەکەی بەنێوی "شارۆ"، مرد، مانگێ دواتر، سەرەهاتە سەر کوڕە تەمەن ٢ ساڵییەکەی کە ناوی "دیار" بوو. نەبات گێڕایەوە گوتی: "ئەو دوو منداڵەم لەترسا مردن، تۆقیبوون، تووشی سکچوون و رشانەوە هاتن، نەخۆش کەوتن و مردن.**

## بەندیخانەی ژنان لە دوبز